# کۆنفرانسی پارتە سەوزەکانی ئەوروپا EGP، ئەنفال و هەڵەبجەیان بە جینۆساید ناساند




**لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی کەمپینی بەجیهانیکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کە لەپێناو بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانە دامەزراوە، مژدە بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدەین، کە لەسەر پێشنیاری پارتی ژینگەی سەوزی نەرویژی Miljøpartiet De Grønne، لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتە سەوزەکانی ئەوروپادا، کە لە ڕێکەوتی 12 – 14 / 10 / 2007 دا لە شاری ڤییەنای پایتەختی وولاتی نەمسا بەسترا، سەرجەم پارتە سەوزەکانی ئەوروپا کە ژمارەیان 33 پارتە، شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەیان وەک جینۆساید ناساند.**

**فیدراسۆنی پارتە سەوزەکانی ئەوروپا EGP بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1993 لە وولاتی فینلاند دامەزراوە و سەرجەم پارتە سەوزەکانی ئەوروپا لە نەرویژەوە بۆ ماڵتا و لە ئێرلاندەوە بۆ جۆرجیا دەگرێتەوە.**

**شایەنی باسە کە پارتە سەوزەکانی ئەوروپا EGP سەرەڕای بە جینۆساید ناساندنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، داوا دەکەن سەرجەم ئەو کارگانەی کە چەکی ژەهراویان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، هەروەها بۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی یەکێتی وولاتانی ئەوروپا دەکەن بۆ سەردانی کوردستان.**

**لە لایەکی دیکەشەوە گەورەترین گروپی سیاسی لاوان AUF، لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای ڕێکەوتی 2007.10.8 دا، پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کرد.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەروەها چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم بڕیارەی ڕێکخراوی AUF، کە ڕێکخراوی لاوانی پارتەکەیانە، کاریگەریی پۆزەتیڤی هەبێت لەسەر پارتی کرێکارانی AP ، کە گەورەترین پارتی نەرویژییە و خاوەنی 61 کورسی زۆرینەی پارلەمانن و سەرۆک وەزیرانی نەرویژ و سەرۆکی پارلەمان و وەزیری دەرەوە و زۆرێکی تر لە دام و دەزگا گرنگەکانی وولات بەڕێوە دەبەن.

کەمپینی بەجیهانیکردنی شالاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، هەموو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان ( کەسایەتی سەربەخۆ، پارتی سیاسی یان ڕێکخراو) و هەروەها گشت مرۆڤدۆستانی جیهانیش پێکەوە بە خاوەنی ئەم دەسکەوتەکانە دەزانین، باوەڕمان وایە کە هیچ دۆزێکی نەتەوەیی مرۆڤایەتی بۆ بازرگانیی و پڕوپاگەندەی حیزبی و یان ڕێکخراوێک ناشێن. هەربۆیە داوا لە سەرجەم دڵسۆزانی نەتەوەکەمان دەکەین کە دوور لەململانێی و تاکڕەوی، لەژێر چەتری ئەم کەمپینەدا پێکەوە بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و مرۆڤایەتیمان کۆببینەوە.

هەندێک زانیاری پێویست دەربارەی کەمپین:

لە ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە پێک دێت:

---

- گروپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی لە نەرویژ
- ڕێکخراوای ماڵی روناکبیری سـەلام لە نەرویژ و کوردستان
- کۆمەڵەی کوردی سـوریا لە نەرویژ
- Anfal and Hallabja Foundation in Holland لە هۆڵاند
- ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی دوای ئەنفال لەکوردستان
- ڕێکخراوی قوربانیانی هەڵەبجە لەکوردستان
- ڕێکخراوی پەراوێزکەوتووەکان لەکوردستان
- سەنتەری توێژینەوەی ئەنفال لەکوردستان
- کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان لە نەرویژ
- هەروەها چەندین پارتی کوردستانی و ڕێکخراو و کەسایەتی و ئەندام پارلەمان پشتیوانی دەکەن.

## ناوی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کەتا ئێستا پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کردووە :

---

- ڕێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی لەنەرویج SOS Rasisme i Norge
- ڕێکخراوی Selvhjelp for flyktninger og innvandrere
- SU ڕێکخراوی لاوانی پاتی سۆسیالیستی چەپ SV
- پارتی ژینگەی سەوزی نەرویجی **Miljøpartiet De Grønne**
- پارتی سوری نەرویژی **Rødt**
- پارتی چەپی سۆسیالیستی نەرویژی **SV**
- AUF ڕێکخراوی لاوانی پارتی کرێکارانی نەرویژ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ناوی ئەو پارتی سیاسی و ڕێکخراوە کوردییانەی کەتا ئێستا لەنەرویژ پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کردووە :

---

- ڕێکخراوی کۆمەک
- کانونی نوسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
- کۆمیتەی هاوکاری پارتە کوردستانییەکان
- کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان
- حیزبی دیموکراتی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی سەربەستی کوردستان

## ئەندامیتی لە کەمپیندا لە کوردستان و دەرەوە :

---

ئاماژە بە پرۆژەی ڕەشنوسی بەرنامەی کەمپین، کە هەتا بەستنی کۆنگرە کاری پێدەکرێت :-

- هەر ڕێکخراوێکی کوردی و بیانی یان کەسایەتی بخوازێت ببێتە ئەندامی کەمپین بەمەرجێک بەشێوەیەکی یاسایی، دیموکراتی و ئاشتیخوازانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ کار بکات، بەشانازییەوە قبوڵی دەکەین، ئێمە باوەڕمان وایە یەکگرتنی هەوڵەکان لەم پێناوەدا مەرجی سەرەکی سەرکەوتنە و نابێت ئەم ئەرکە پیرۆزە بۆ بەرژەوەندیی هیچ لایەنێک و پڕوپاگاندەی حیزبی یان ڕێکخراوێک بەکار بێت یان قۆرغ بکرێت. هەروەها باوەرمان وایە دەبێت دەستکەوتی سەرکەوتنی ئەم کەمپینە وەک سەرکەوتنێکی خەباتی گشت تێکۆشەرانی کوردستان و مرۆڤدۆستانی جیهان لەقەڵەم بدرێت.
- لێژنەی باڵای بەڕێوەبەرایەتی کەمپین لەسەر ئاستی وولاتێک یان جیهان پێک دێت لە نوێنەری ڕێکخراوەکانی ئەندام و هەروەها هەندێک کەسایەتی.
- دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ئەم ئیمایلانەی خوارەوە:
  - idris.sabir.aziz@gmail.com لە نەرویژ
  - komela_ksn@yahoo.no لە نەرویژ
  - mremin54@hotmail.com لە هۆڵاند
  - anfal.halabja@gmail.com لە هۆڵاند
  - aramabass@yahoo.com لە کوردستان
  - wazera_jalal@yahoo.com لە کوردستان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com